# كۆمەڵەی رۆشنبیری كەلدان خەڵاتی شارستانی پێ بەخشرا



بێت عەنكاوا/ سەباح شامایا

ئەم ساڵ وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی بە چاودێری رێزدار نێچیرڤان بارزانی دووەمین خەڵاتی شارستانی بۆ رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی ڕاگەیاند.

خەڵانی شارستانی بۆ دووەمین ساڵ دەبەخشرێتە رێكخراوی پێشەنگ وئەوانەی چالاكییان نواند بۆ هاندان و پاڵشتی كردنی رێكخراوەكانی كۆمەلگای مەدەنی بوو، بۆ زیاتر داهێنان و پێشكەش كردنی خزمەت بۆ كۆمەڵگا.

وەزارەتی هەرێم ئەم ساڵ، ساڵی ٢٠٠٩ لیژنەیەكی هەڵسەنگاندنی لە وەزارەت پێكهێنرا حەوت (٧) رێكخراویان دەستنیشانیان كرد سێ رێكخراو لەلایەن وەزارەت ژمارەیان گەیشتە (١٠) رێكخراو لە ئاهەنگێكی قەشەنگدا خەڵاتی زێرین پێیان بەخشرا، وەیەكێك لەم رێكخراوانە كۆمەڵەی رۆشنبیری كەلدان بوو.

وەلە رۆژی هەینی كات (٧)ی ئێوارە رێكەوتی ٢٠٠٩/٥/٨ لە تەلاری كۆمەڵەی رۆشنبیری كەلدان دەستەی كارگێری و ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی گشتی بە ئامادەبوونی بەرێز جۆرج مەنسوور وەزیری هەرێم بۆ كۆمەڵگای مەدەنی ئاهەنگێك سازكرا بەبۆنەی بەخشینی كۆمەڵگەكەمان خەڵاتی زێرین، چەندین وتارو چالاكی هونەری پێشەكەش كرا لە گۆرانی و شیعر خوێندنەوە وكۆتایی شیرنەمەنی بە ئامادەبوان پێشكەش كرا.

هەربەم بۆنەیە ئەم پارچە هۆنراوە لە لایەن شاعیر عەدنان ئێلیا برایمۆك خوێندرایەوە ئەمەدەقەكەیەتی .

## من ئەم زانی !!



عەدنان ئێلیا برایمۆك

**من كە هاتم. بۆماڵی ئێوە**
**بوم بە ئەندام. خێزانی ئێوە**
**زۆر بەسادەو ساكار شەرمنەوە**
**پەیڤ گرنگ شیعرو ڕوشەنبیریەوە**
**زۆر بەسادەوە دڵ گیریوە**
**ئەمزانی. رۆژی دادێ**
**ئامانج وئاواتم . ئەوها دێتەدی**
**دڵو دەرونی دڵ خۆش دەبێ**
**گشت ئەندامی ئەم كۆمەڵە**
**لە ژێر ساباتی ئەم بەهارە**
**دەكەینە ئاهەنگ و شایی وسەماوە**
**مژدە. بەهەموو خەلكی ئەدەینەوە**
**مژدەی. خۆشی گشت لایەكمانەوە**
**بەرەنج وشانی بەرهەمەكانمانەوە**
**شانۆ، فلم و ئەكتەرەكانەوە**
**ڕۆژنامەوگۆڤارو ئەنتەرنێتەكانەوە**
**دەستە. دەستە ڕۆشەنبیرانە**
**هەموو ئێواران لە سەر مێزەكان**
**بەڕوو خۆشو. بە پەرۆشییەوە**
**چاوەروانی. هاتنی بڵاو كراوەكانەوە**
**نەم ئەزانی. بەم پلە بەرزییوە!!**
**هەڵسەنگاندنی كۆمەڵگەی مەدەنییوە**
**خەڵاتی. لە دەیەكان بەزێرینییەوە**
**دەكەینە. تاجی سەری كۆمەڵەكەمانەوە**
**باپێكەوە بكەینە شایی و سەماوە**
**شیرینی بخۆین بەم خۆشییەوە**
**تینێ بدەینە هزرو توانستمانەوە**
**بۆدەست هێنانی خەڵاتی گەورەتر لەوە**
**بەهەنگاوی. هەست بە مرۆڤایەتییەوە**

# تەوەرێك بۆ باس كردن

# -رۆشنبیر دەبێ یەكەم جار لە خۆی دەست پێ بكا —



جەلال جەرجیس شێر

لە كۆنەوە رۆشنبیران هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی خۆیان بكەن بە نوێنەری ئازادی و شۆڕشی زانستی یان ببێتە پێشەوای كۆمەڵگا و نەتەوە.

مرۆڤی ئەمرۆ پێویستی بە روونكردنەوەی راستەقینەی هەیە بە چاوی خۆی دەبینی لە واقعە قسەوكار لە یەكتر دوورن. (تولستۆی) دەڵی هەموو كەس دەیەوێ دونیا بگۆرێ بەڵام هیچ كەس بە دوای گۆرینی خۆیدا نیە، نووسەرێكی تر دەڵی ئەگەر دەتەوێ دونیا بگۆڕی لە پێشدا خۆت بگۆڕە !!

خودی خەڵكەكەش دەڵی دەی بابم (ئەنگۆ هەرونێ ئێمەش بەدواتانین). لەسەر حازری دەیانەوێ ئاو ساردەكە بخۆن بەبێ بەفر شكاندن رۆشنبیران لە زۆر رێگا هەوڵی گۆڕینی واقعیان داوە پێش ئێستا كەچی پێچەوانەكەی روو بە روویان بووەوە. داوای یەكسانیان دەكرد، لە راستی دا جیاوازی و تەفەرەقە زیاتر دروست بوو، خەباتیان لە پێناوی ئازادی دەكرد، كەچی ئازادییەكان زیاتر پاشە كشەیان كرد.

ئیمانیان بە (سكۆلاریزم) هێنا كەچی بزوتنەوەی سەلەفیەكان مەیدانی فیكریان داگیركرد. بەم شێوەیە رۆشنبیران ئابڵوقە دەدران لەلایەن رژێمەكان، یان بە هۆی هێرشەكانی بزوتنەوەی سەلەفیەكان. بەشێك لە رۆشنبیران هەر چەندە پێیان وایە پێشەوای نەتەوەنە، بەپێچەوانە زۆر لە دواون، هەر چەندە خۆیان بە رزگاركەری خەڵك دادەنا لە دەستی جەهل و دواكەوتن ئەوەندە ڕۆلەكەی پەراوێز خراوە. لەبەر ئەوەی ئازاد كردنی كۆمەڵگا لە ئەستۆی كۆمەڵگا خۆیەتی بە هەموو هێزو پێكهاتەكانیەوە پێویستە بەشداری تێدا بكەن. ئەفزەلیەت بۆ ئەو كەسەیە كە كارەكەی بەچاكی ئەنجام بدات و داهێنان بكا بەبێ ترس.

بیرمەندان باوڕیان وایە كە دەبێ مۆدیرن بن یان دەبێ ئەو قۆناغە ببرن بە لەناو بردنی ئەفسانە و لێ بەدوور بكەونەوە.

بارودۆخی ئەمرۆی رۆشنبیران پێوسیتی بە گۆرینی رێبازەكان هەیە بە مامەڵە كردن لەگەل بیرەكانی نوێ.

هەندێ لە رۆشنبیران راهاتوون لەسەر لۆمە كردنی كەسانی دی و ئاراستە كردنی رەخنە بۆ دەسەڵاتدارانی سیاسی وئاینی وقەدەغە كراوەكان و هەمیشە لەسەر واقیع پاز دەدەن و دەبنە فرۆشیاری خەیاڵ .

مەبەستی من رەخنە نیە لە رۆشنبیرانی گەلەكەمان بەس هەروەك پشنیار دەكەم رەخنەیەكی بەفیكری تازە و واقعی و دوور لە وەهم بێت.

پرسیاری راستەقینە بكرێت و جیهانی بیری نوێ بكەنەوە. بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری لە دەفەرەكەمان تارادەیەك كاریگەی زۆری هەبووە بۆ پێشخستنی كۆمەڵگاكەمان لە رووی فیكری و زانستی . ئەمڕۆ كێشەی رۆشنبیر لەگەڵ كلتوور و بیرەكانی ڕێگایەكی تری نیە تاكو رزگار ببێت لە وەهمەكانی بۆ ئەوەی بتوانێ راستەقینەكەی ئەندام بدات وعەقلیەتێكی فراوانتر پێك بێنێ .

لە راستیدا رۆشنبیر هیچ كاریگەرێكی وای نیە بە تەنیا هیچی پێناكرێ ئەگەر كۆمەڵگا بەهەموو هێزو پێكهاتەكان بەشداری لەگەڵ نەكەن.

# پێویستی دایكی داهێنانە



مامۆستا سەباح ئەنتوان مەنسور

ئەگەر چاوێك لە مێژووی كەلتوری جیهانە ببەخشین وا دەردەكەوێت كە ئادەمیزات لەهەر دەم كاتێك پێویستەكانی ژیان وای لێدەكەن كە هەمیشە بەدوای داهێنانی نوێتر بگەرێت، كاتێ كە مرۆڤ ئاستەنگێك دێتە بەردەمی ژیانی ئاسایی هەندێك جار بە ناچاری توانای بیرو مێشكی داهێنانی خۆی دەخاتە گەر بێگومانیش لەم دەرئەنجامەدا دەتوانی بەلای كەم شتێك بكات كە ببێتە هۆی وەلانانی ئەو ئاستەنگە خۆ هەندێ جار بیرۆكەكەی سەر دەكێشێت بۆ داهێنانی گەورە و پتەو و توكمە .

ئەگەر سەیری ژیانی رابردو بكەین چۆن باب و باپیرمان توانویانە پێداویستیەكانی خۆیان لە دارو بەردو ئاسن و خۆڵ... هتد، پێك بهێنن وەكو دروستكردنی كەلوپەل و ئامێرە كشتوكاڵییەكان كە بە شێوازێكی زۆر سەرەتا دروست كرابوون وەهەروەها كەل و پەلەكانی دیكە كە بەكاریان دەهێنا بۆ ژیانی رۆژانەی خۆیان، ئێستاش تەنها لە مۆزەخانەكان وەكو كەلوپەلی كۆن فۆلكلۆری پارێزراون كەچی شانازی پێوەدەكرێت، چونكە دەستەوەستان نەبوونە بەڵكو بۆ راپەراندنی ئیشوكاەكانیان سودیان لە شتەكانی دەورو بەریان وەرگرتووە داهێنانی خۆیان تێدا كردوە هەر چەندە كە ئێستا ئامێری زلو زەبەلاحی كشتوكاڵی زۆر پێشكەوتوە شوێنی ئەمانەی گرتۆتەوە، بەڵام مێژوو لەبیری نەكردوون ئەمە نەك بواری كشتوكاڵی گرتۆتەوە بەڵكو لایەنەكانی تری ژیانی نەخشاندبوو، ئامێری گۆسكە خۆی لەخۆی دا بەفر گرێك (پلاجە) زۆر گرنگ و كارامە بوو كە شتیان تێدا هەڵ دەگرت و لەبن عاردیان دەنا .

یاخود تەنها چەند كونێك لە دیواری ژووریدا دەهێشتەوە كە هاوینان بای دەهاتە ژوورێ بۆ فێنك كردنەوە، یان گۆشتیان بەخێ كراوی هەڵ دەگرت بۆ ماوەیەك دەماوە یاخود (چەقێلە یان دەكرد) چەورایەتی لەسەر رووی گۆشتە دەماوە دەبووە بە بەربەست و دوورخستنەوەی هەوا لەم گۆشتەیە وە بۆ ماوەی (٣ تا ٤ مانگ) دەماوە كەوا ئەمرۆ بووە بە خۆراكی لە قوتون دراو خۆ ئەگەر نەك تەنها سەیری رواڵەتی ژیانی خۆمان بكەین بەڵكو ئەمە دیاردەیەكی گشتییە هەموو میللەتەكانی جیهانی دەگرێتەوە كەچی جاران (ناعوریان) بەكار دەهێنا بۆ هەڵكێشانی ئاو و گواستنەوەی بەڵام ئێستا ترومپای كارەبایی گەورەو زەبەلاح جێگای ئەم كارەی گرتۆتەوە ئاو لە خوڵای دەیەها مەتر قوڵ لە ناخی زەوی ئاو دەردەهێنرێت بە بەرزی چەندان مەتر سەری دەخاتە سەر باڵاخانە بەر زوو هەور و بركان (ناطحە سحاب)

جۆرە كۆترەك ناوی (زاجل)ە وەك نامە بەریان بەكار دەهێناوە هەر وەكو چۆن ئێستا جۆرەها رێگا پۆست بەكار دەهێنرێت دوا جار خۆی بە پۆستی ئەلكترۆن دەبینێتەوە كە خێراترین رێگای ناردنی پەیامە بۆ هەموو جیهان، جاران بۆ وەرگرتنی زانیاری و بەسەر بردنی كاتێكی خۆشی كۆرو كۆبوونەوەی دیوە خانەكان دەهات ریشی سپی و پیاو ماقوولە دنیا دیتەكان باس و خواس و بەسەر هات و حكایەتیان دەگوت بۆ پر كردنەوەی كاتە بە تاڵەكان ئێستاش تۆری ئەنتەرنێت وەك دیوەخانێكی گەورە ماڵی زانیاری بەكار دەهێنرێت هەر لە چات كردن و ئیمێل و گەشتی زانیاری و تەلەفۆن و . . . هتد .

وەكو دیوەخانێكی گەورەی جیهانی كۆرو كۆبوونەوەكانی رازاندۆتەوە خۆ لە پێشوودا راگەیاندن نەبووە دیسان مرۆڤ پەكی نەكەوتبوو ئاگری وەك هێمای ئاگادار كردنەوەی بەكار دەهێنا وا ئەمرۆ ئەم هێمایە بریتیە لە راگەیاندن بە هەموو شێوازەكانی بیستراو و بینراو و خوێندراو، دەتوانین بڵێین ئاگریش باوی خۆی تا رادەیێك لەم لایانە هەر ماوە زۆر جار كە بۆ هەواڵی خۆش تەقە تەندووری دەهاوێشترێت (العاب ناریە) .

لەم دوایە دا گوێ بیست بووم لە رادیۆی ( BBC Arabic) كە لە وولاتی ئەردون لە بەر كەم دەرامەتی رادیۆكانی (F.M)ی ناوخۆ مەشقیان بە خەڵكی ناو بازار دەكرد بە خۆرایی لە كون كەلەبەرەكان و لە شوێنە جیا جیاكان هەوڵیان بەبێ هیچ بەرامبەرێك بۆ رادیۆ دەگواستنەوە بە هەوڵێكی كەم، دەستكەوتێكی گەورەیان بەدەست هێنا .

با بگەرێینەوە كوردستانی خۆمان كە لە ساڵانی نۆوەتەكان كاتی گرانی و ئابلۆقەی ئابووری لەسەر بوو خەڵك بەنزین بە دەست نەدەكەوت، نەوت و غازی شلی چێشت لێنانی تێكەڵ دەكرد لە بری بەنزین لە ئۆتۆمبێلی دەكرد، شەكر گران بوو دەست نەدەكەوت قەسپ یان بۆ چا خواردنوە بەكار هێناوە لەبەر كەم بوونی و گرانی، ناوكی خورما بەروویان دەهارێ و نانیان لێ دروست دەكرد لە بری نەوت و غاز دار دەسوتێندرا بۆ هۆكاری چێشت لێنان و گەرم كردنەوە، نانەوەخانەكان نەوتیان پێ نەدەكرا بۆیە روونی رەشی ئۆتۆمبێل دوای گۆران كە بۆ فرێ دان بوو ئەوان لەبری نەوت دەیان سووتاند .

جا سەیركەین چۆن پێویستی لە مێژووی مرۆڤایەتی بوو بە دایكی داهێنانەكان،

با ئێمەش هەرگیز دۆش دانەمینێت هەر چەندە لەم نیوەندەی قەیرانی دارایی جیهان دا پلانێكی نیمچە درێژ خایان بۆ هەر بوارێك لە بوارەكانی دابرێژرێت چ لەسەر ئاستی تاكە كەس بێت یاخود لەسەر ئاستی گشتی بێت خۆمان بۆ ئەم روو بەروو بونەوەیە ئامادە بكەین ئەگەر شتێك تێچوونەكی زۆر بوو بۆمان دەستە بەر نەكرا بەرێگەیەكی تر فەراهەمی بكەین.